www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 1:50 8-3-2007

## خۆشەویستی ژیانە یامەرگ وخۆكوژی؟ ... محەمەد مێرگەسۆری .

مێرگەسۆر

هەر پێناسەیەك كە بۆ عیشق و خۆشەویستی بهێنینەوە پێم وایە كەم دێنین، و لە پێناسەكردن و خستنە چوارچێوەیەك وەكو یاسا و هاوكێشەیەكی كیمیایی یان بیركاری سەركەوتوو نابین كە هەموو تاكەكان پێرەوی لێبەكەن و لە زەمەنێكی تر بیرمەندێك یا زانایەك بێت و خۆشەویستی لە زەمەنی پێش خۆی نەفی بكاتەوە وشتێكی نوی دابهێنی.
لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا خۆشەویستی یەكسانە بە مەرگ؟ مەرگ و خۆكوژی لە پرۆسەی خۆشەویستی كام شوێن داگیر دەكەن؟ ئایا رەوایە عاشق پەنا بەرێتە بەر خۆكوشتن؟ئەگەر مەرگ و خۆكوژی خۆشەویستی بی ئەدی ژیان لە كوێی ئەم هاوكێشەیەیە؟
پەسەندترین تایبەتمەندی كە خۆشەویستی نەمر دەكا پەیوەست نەبونیەتی بە سنوورو بازدانیەتی بە سەر هەموو ئەو سنورە كولتوری و ئایینیانەی كە ژیانی تاكەكانی ئەستەم كردووە، بۆیە كەسی عاشق هەست بە ماندویی ناكات، سنورە كان دەبەزێنی، لە كۆمەلگا جیا دەبێتەوە و بە دواكەوتوویی تاكەكان و عەقلییەتی ئیفلیج بویان خەندەی دی و ژیان دەدۆزێتەوە، كەسی عاشق هەموو كاتەكان دەژیێ و لە پێناوی خۆشەویست و مەعشوقەكەی لە هەموو شتی دەگوزەری بۆ ئەوەی بە دلدارەكەی بگات و ژیان بالا بەرزتر ورەنگین تر بكات، و لە گەڵ هەر هەناسەدانێكی خوێنی تازە بە رەگەكانی تێپەری و نوی بێتەوە، كەسی عاشق لە ژیان ماندوو نابی و قەتیش بی هیوا نابی، هیچ هێزێك ناتوانی لەرێرەوی خۆشەویستی ساردی بكاتەوە یان رێگای پێ بگۆرێت ئەو لە سەر راستە رێی خۆی بەردەوام دەبی تا بە خۆشەویست و مەعشوقەكەی دەگات و هەناسەكان ئالوگۆر دەكات و هەست بە لێدانی دڵ و دوو روح لە جەستەیەكدا دەكات.
لە خۆشەویستی دا دۆراندن نییە، هەمیشە ئەوەی خۆشەویستی دەكات براوەیە بەوەی كە ئەو دەیەویت ببەخشێت زیاتر لەوەی چەنگی دەكەوێت، ئەو دەیەوێت خۆشی بوێت نەك ئەو خۆشی بوێت، ئەو خۆشەویستی دەكات و ناكەوێتە دوای خۆشەویستی یەو كە هەتا پێی نەگات، كەسی عاشق هەمیشە خۆشەویست ومەعشوقەكەی غەرقی بەخششەكانی دەكات، نازی هەڵدەگری و بەرامبەرەكەی ئازاد دەكات، نەك تەلبەنێك بێت ئەوان تێی بكەون و دەبی تێیدا بمێننەوە تا هەتا هەتایی، یانیش خۆشەویستی بە خاوەندارێتی یان مولكداری بەراورد بكات، مەرج نییە هەمیشە عاشق بە مەعشوق یان خۆشەویستەكەی بگات و ئەوەش بەو مانایەیە كەوا خۆشەویستی نامری و هەر ساتی لە گەڵ هەناسەكانی، عاشق نوی دەبێتەوە. لە پێشدا ووتمان خۆشەویستی ئازادییە و ئازادی و كەسایەتی هەردوو رەگەز دەپارێزی بۆیە هەركەسی ئازادە كێ ی خۆشدەوی و چی خۆشدەوی و چەندی خۆشدەوی و لە هەمانكاتیش بەرامەبەرەكەشی جا با مەعشوقەكەشی بی ئازادە لەوەی هەر هەستێكی تری بەرامبەر عاشقەكەی هەبی، خۆشەویستی زۆرداری قەبول ناكات و دژە یەكن و بریتیش نییە لە تواندنەوەی ئەوی دی لە نێو كەسێتی و بە وێنە كردنی لە نێو خوددا، بەلكو پاراستنی كەسێتی هەر تاكێكە لەوەی خۆی دەیەوێت نەك یەكێكیان دەیەوێت و بە پێچەوانەوە دەچێتە خانەی بە كۆیلە كردنی ئەویدی ومەیلی مولكدارێتی كردن، و لە هەمانكاتیش رەنگە هەولێكیش بی بۆ خۆ دەربازكردن لە هەستی تەنیایی. كەواتە پەیامی مەرگ و خۆكوژی عاشق پەیامی ماندوو بونە لە عیشق و خۆشەویستیو دان بە خۆدا نەگرتنەلە بەرامبەر سەبری یار، پەیامی بە جێهێشتنی یار و رەتكردنەوەی ئازادییە، كەواتە مەرگ لە هیچ كونجێكی خۆشەویستی جێگای نابێتەوە وخودی مەرگ وخۆكوژیش لە غیابی عەقڵ و زالبونی هەستەكان و كەم هێنان و هەزم نەكردنی خۆشەویستی یە، وەكو خۆی كە ناچَێتە ژێر هێچ پێناسەیەكەوەو زەمەن وسنوورناناسی. m_mergasory@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.